بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

# (گوتاری ئیسلامی لەڕۆژی جیهانی ئایدزدا)

مەبەست لە ڕۆژی جیهانی ئایدز، بریتیە لە دانانی ڕۆژێکی دیاری کراو لە ساڵێکدا، بۆ پێناسەو ناساندنی ئەم نەخۆشیەو ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکیو جەخت کردنەوە لە گرنگی خۆ پاراستن لە نەخۆشی ئایدز, ئەمەش بەهۆی هەموو هۆکارەکانی وەك (وانە ڕۆشنبیر کردنەکانو کۆڕو سمینارو نوسینەکانو گفتوگۆکانو لیکۆڵینەوەکان)، بۆ کەمکردنەوەی تازە توشبوان، هەروەها یارمەتیدانی توشبوانی پێشوتر.

لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا هەموو وەزیرە تەندروستیەکانی جیهان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە یەکەم ڕۆژی مانگی (12/ کانونی یەکەم)ی هەموو ساڵێك بکرێتە ڕۆژی جیهانی ئایدز، گومان لەوەدا نیە کە بڵاوکردنەوەی زانیاریو ڕۆشنبیری خۆپاراستنی جەماوەری بۆ ئەم نەخۆشیە کارێکی زۆر گەورەو بەرزو پیرۆزەو نکوڵی لێناکرێت، بەڵام ئایا ئەکرێ ئەم کارە جەماوەریە (کۆبکریتەوەو کەم) بکرێت لە تەنها ڕۆژێکی دیاریکراو لە

سالێکدا، ئەی چی بکەین لە ڕۆژەکانیتری ساڵ, بەبێ ئەوەی چاو دابخەین‌و داپۆشین لە هەق‌و ڕاستی، لایەنی پەیوەندیدارکە چ هەقێکی هەیە، هەق وایە ئێمە بپرسین: ئایا خەڵکی کارەکەیان (نەخۆشی‌و پەتاکەیان) لە بیر چۆتەوە تاوەکو ئەم ڕۆژە تازەو نوێیەیان دیاری بکەن‌و بۆ بێنن.

* ئێمە هەموو ڕۆژەکانمان بۆ پاراستن‌و خۆشبەختی‌و خۆشنودی جیهانە:

ئێمەی موسڵمان هانی هەموو کارێکی چاک‌و گرنگ‌و ئەرێنی ئەدەین بچوك بێت یان گەورە، درێژ بێت یان کورت، لە هەر کات‌و شوێنێکدا بێت، بەڵکو ئێمە هەموو ڕۆژێکمان‌و هەموو کاژێرەکانی ژیانمان لە پێناوو لە خزمەتی مرۆڤەکان‌و مرۆڤایەتیدایە، هەموو ساتەکانی ژیانمان بریتیە لە پاراستن‌و پارێزگاری کردنی تایبەت‌و گشتی (تاك‌و کۆمەڵ)، دور خستنەوەی خەڵکان لە گوناهو تاوان‌و زەرەرو زیانی ئەم پەتایەو نەخۆشیەکانیتریش, پێغەمبەری ئازیزمان (ﷺ) لە فەرمودەیەکیدا ئەفەرموێ (غطوا الاناء واوكئو السقاء، فان في السنة ليلة ينزل فيها

وباء، لايمر باناء ليس علية غطاء، ولا سقاء ليس علية وكاء، الا نزل فية من ذالك الوباء) له (صحيح مسلم)دا هاتوه كه جابری كوڕی عبدالله (ﷺ)دەڵێت: گوێبیستی پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرموو:(بە جوانی قاپو قاچاغو حاجەتەكان داپۆشن، چونكە لە ساڵێكدا تەنها شەوێك نەخۆشیو دەرد لە ئاسمانەوە دادەبەزێت، جا هەر قاپو قاچاغو حاجەتو مەنجەڵو شتانێك كە ئاوو خواردنی تێدا هەڵدەگرن، بە جوانی دانەپۆشرابێتو سەری دانەدرابێت، ئەوا لەو دەردەی بۆ دائەبەزێتو تێیدەكەوێت) ئەمە بە شێوەیەكی گشتی بەلاّم تایبەت بە نەخۆشیە گوازراوە سێكسیەكان، خوای پە روەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَى:﴿وَلَا تَقْرَبُوا۟ ٱلزِّنَىٰٓ ۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةً وَسَآءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾﴾ الإسراء: ٣٢

(هە رگیز نەكەن توخنی زینا بكەونو لێی نزیك ببنەوە، چونكە ئەوە بە راستی گوناهو تاوانو هەڵەو رێچكەیەكی زۆر ناقۆلاّیە)، هەروەها دوبارە پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) ئە فەرموێ (ماظهرت الفاحشة في قوم قط يعمل بها فيهم علانية

الا ظهر فيهم الوباء والاوجاع التى لم تكن في اسلافهم) حاكم ريوايەتی کردەووەو گێراویەتەوە, (هەروەها) پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) (اذا استحلت امتى خمسا فعليهم الدمار, اذا ظهر التلاعن ولبسوا الحرير وشربوا الخمور واتخذوا القينات, واكتفى الرجال بالرجال والنساء بالنساء (واتە نیە سێکسی ناوازەو ناسروشت (نێربازیو مێ بازی)) دەیلەمی ریوایەتی کردووەو گێڕاویەتەوە.

## * دورکەوتنەوە لە یاساغو قەدەغەکراوەکان بە بەکارهێنانو بە دەستخستنی هۆکارەکان:

(بەکارهێنانی هۆکارەکان بۆ دورکەوتنەوە لە یاساغو قەدەغەکراوەکان)

زانستیانە دەرکەوتووەو هیچ شكو گومانێکی تێدا نیە کە هۆکاری سەرەکی بۆ بڵاوبونەوەی ئەم پەتاو دەردە برتیە لە (سێکسی نامۆو ناباوو ناسروشتیو داوێن پیسیو بەدڕەوشتیو بەکارهێنانی مادە سڕکەرو هۆشبەرەکان)، هەروەها لە راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ نەهێشتنو قەڵاچۆکردنی ئایدز لە ساڵی 2012دا باشترین شایەتو گەواهییە لەسەر ئەمە کە

ئەڵێت: ساڵانە (50) هەزار کەسی تازە (نوێ) توش ئەبن بە ڤایرۆسی ئایدز لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا کە (70٪) بە هۆکاری سێکسی نامۆو ناباوو ناسروشتیو (20٪) بەهۆی داوێن پیسیو بەدرەوشتیو (4٪) بەهۆی مادە سڕکەرو هۆشبەرەکانو، (4٪) بەهۆی ئالودەبونو سێکسی نامۆو ناباوو ناسروشتیو، (2٪) بەهۆی خوێنو شتیتر، واتە (98٪)ی توشبوان بە هۆی گوناهو تاوانکردنی قەدەغەکراوەکانەوە دەبێت.

لەبەر ئەوە (سێکسی ناوازەو ناباوو ناسروشت)و داوێن پیسیو بەدرەوشتیو بەکارهێنانی مادە سڕکەرو هۆشبەرەکان قەدەغەو یاساغن لەسەرمان لە هەموو کاتو ساتێکدا، ئێمە ئەبێ دەست بەجێ دور بکەوینەوە لەم پەتایەو شێوەو شێوازەکانی، بەڵکو ئەبێ دژایەتیو بەرەنگاری ببینەوە، بە دوربوون لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی مادام ئێمە لە ژیانداین، چونکە بە راستی ئەم کارانە قەدەغەو یاساغن بە دەقو ناوەڕۆكو واتا شەرعیەکانو کە رۆژانە بە یادکردنیانو خوێندنیان بەندایەتیو خوا پەرستی ئەنجام ئەدەین، ئیتر ئەو کاتە هۆشیار کردنەوەو

رۆشنبیرکردن لای ئێمە جەماوەریو لەسەر خۆیەو  بە درێژایی کاژێرەکانە  چونکە بەشێکە لە بیرو باوەڕمان، نەك تەنها رۆژێك لە ساڵێکدا، بەم شێوەیە هەموو رۆژێکمان دژایەتی کردنی ئایدزە بەڵکو هەموو نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بە گشتیو هەرهەمویان، هەرچەندەو لەگەڵ ئەوەشدا بڕواو قەناعەتمان وایە کە پێویستمان بە بڵاوکردنەوەی زانستو (هۆشیاری زانستی پسپۆڕی)و شارەزاییو کارامەییو هەیە، بەڵام کام زانستە زۆر گرنگە ئەبێ بەدەستی بهێنین. چونکە ئەو زانستەی کە ئێستە هەیە بەس نیە بۆ چارەسەری دەردو پەتاکان، ئەگەر بەس بوایە ئەوا هەموو نەخۆشیە گوزراوەکان  نەك تەنها ئایدز، نە ئەمانو بنەبڕئەبونو چارەسەرئەکران لە جیهانی رۆژئاوادا.

## * کورتترین وبەسود ترین رێگە:

مامەڵەی راستو دروستو گونجاو لەگەڵ کێشەو گرفتو داواکاریە غەریزەییەکانی لاوان، بەپێی ئەو رێكوپێکیەی کە شیاوی مرۆڤ  بێت، گونجاوبێت لەگەڵ

فیترەتی‌و ئاست‌و پلەو پایەی، کە بۆی هەڵبژێراوەو دیاری کراوە، کێ زیاتر زاناترە بە پێداویستیەکانی:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٤﴾ الملك: ١٤

(مەگەر خوا نازانێت کێی دروست کردوەو چۆنی دروست کردوە، لە کاتێکدا ئەو زاتە وردکارو بەسۆزو ئاگایە).

ئەم مامەڵەو گونجانە کورترین ڕێگەیە, کەمترین تێچوی هەیە، باشترین‌و بەسودترین دەرەنجامی هەیە، نزیکترینیانە لە فیترەت‌و سروشتەوە، لە بەر ئەوە ئاسانکاری لە پرۆسەی هاسەرگیری‌و زوو ئەنجامدان‌و بەڕێکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری‌و کاری خێرو دوانەخستنی‌و، باش پەروەردە کردنی گەنجان‌و لاوان کە پەیوەستبن بە فەرمانەکانی خوای پەروەردگاریانەوە، بۆ ئەوەی ئاست‌و پلەی ئیمان‌و باوەڕیان بەرز ببێتەوە، یەکەم لەبەر ڕەزامەندی خوای مهرەبان, دووەم لەبەر دور بونیان لە شەڕو خراپەو زیان‌و بەڵاو کارەساتی ئەم پەتایەو نەخۆشیتر، چونکە بەڕاستی ئیمان‌و باوەڕ پارێزەرە لە

تێکشکاندن، ئیمان‌و باوەڕ هۆکارێك بوو بۆ رزگارکردنی حەزرەتی نوح (سەلامی خوای لێبێت) لە تۆفان‌و زریان‌و لافاو، پارێزگاری‌و پاراستنی حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) لەسوتان بەئاگرو، رزگار کردنی حەزرەتی موسی (سەلامی خوای لێبێت) لە نوقم بون لەدەریاو، پاراستنی حەزرەتی یوسف (سەلامی خوای لێبێت) لە فێڵ‌و تەڵەکەی ژنی عەزیزی میصر، بۆیە بەڕاستی ئیمان‌و باوەڕ گەنجینەو سامانی پەروەردەییە، ئەتوانین بەهۆیەوەو بەشدارو هاوبەشی جێبەجێ کردنی غەریزەی جنسی بین لە سنورو یاسای رێك‌وپێکی شەرعدا لاوان‌و گەنجانمان بپارێزین لە لادان‌و لە ناوچون.

## * دورکەوتنەوە لە چارەسەرکردنی (پینەو پەڕۆیی) کاتی وپینەو پەڕۆکردن.

هەر ئەبێت دان بنێین بەوەدا کە لاوان لە مەترسیدان، (نەخۆشیە سێکسیەکان‌و تێکچون‌و داوێن پیسی‌و مادە هۆشبەرەکان) ئەمانە هەرهەمویان هۆکارن بۆ هەڵوەشاندنەوەی خوو رەوشتی لاوان، ئەوان نێچیری سوك‌و ئاسانن: لەبەر کەم ئەزمونیان‌و فشارە بەزەیی‌و

سۆزداریەکەیانو زۆری وروژێنەرەکان لە هەموو لایەكو دەوروبەریان، (دەورە دراون بە وروژێنەرەکان)، بەڵکو لە ژوری خەوتنەکەشیاندا (وروژێنەرەکان) لەگەڵیاندانو، لەسەر شاشەی موبایلەکانیشیاندا لەگەڵیاندان، لە رێگەی پەیوەستبونیان بە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئینترنێتەوەو ئەو هەموو فلیمە روتو بەرەڵاو بەدڕەوشتیانەی کە خەزنو کۆکراونەتەوەو جەم کراون، هەموو حەزو ئارەزووە کپ وخەوتوەکانیان بە خەبەر دێنو ئەبنە قوربانی دەستی مرۆڤە شەیاتینیەکان کە هیچ هەمو غەمێکیان نیە تەنها کۆکردنەوەی سەروەتو سامانو خراپو وێرانکردنو بەهیلاکبردنی نەوەو وەچەکان.

ئەم جۆرە حاڵەتە لەگەڵ چارەسەرە کاتیو پینە پەڕۆییەکان یەك ناگرنەوە (چارەسەرە کاتیو پینە پەڕۆییەکان دانامەزرێت، دوبارە هەر دەبێت روبەڕوی بناغەی کێشەو گرفتەکان ببێتەوەو چارەسەری ریشەیی بەسود و کاریگەری بۆ بدۆزرێتەوە کە هیچ خوارو خێچی تێدا نەبێت، لەبەر ئەوەی هەمیشەو بەردەوامو راستن. ئەم پڕوپاگەندە جیهانیە مەبەستدارەو کڕینو فرۆشتن

پێوەکردنێکی فراوان بە (نەگەیەنی پیاوان/ کۆندۆم)، لە ڕێگەی هەڵمەتێکەوە کە پێی دەوترێت (سێکسی سەلامەتو دڵنیا)، ئێمە وەك موسڵمانان بە هیچ شێوەیەك باش نیە بۆمانو بە باشی نازانین.

(سێکسی سەلامەت) هیچ بونی نیە، زانست سەلماندویەتیو بە کرداری ئەو (نەگەیەنە)ی کە دابینی ئەکەنو دابەشی ئەکەن بەسەر لاوانو گەنجاندا کە بە تەواوی نایان پارێزێ لە ڤایرۆسو میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان.

چونکە ڤایرۆسو میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، ئەچنە ناو لەشو جەستەی زیناکەرو داوێن پیسو بەد ڕەوشتەکانەوە لەو شوێنانەوە کە ئەم نەگەیەنە شمولیان ناکاتو نایان گرێتەوە وەك (دەمو مەمکەکان)، بە چاوپۆشی لە جۆرو باشیو چاکی نەگەیەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانست سەلماندویەتیو هیچ شكو گومانێکی نەهێشتۆتەوە، کە تیرەی ماوەکانی نێوان پێکهاتە گەردیلەییەکانی نەگەیەنی لاستیکیو کشاو، گەورەترە لە تیرەی ڤایرۆسی ئایدز، واتە ئەکرێو ئەبێت کە ڤایرۆسی

ئایدز زۆر بە ئاسانی پیاتێپەڕ ببێت و لێوەی دەرچێت و، لە رووی شەرعەوە لە ئێمە داواناکرێت کە هانی لاوانمان بدەین بۆ کاری خراپەو بەدڕەوشتی و داوێن پیسی، بەڵکو پێچەوانەکەی تەواوەو لەو رێگەیە دوریان ئەخەینەوە چەندە بتوانین.

بێگومان گوێ ناگرین لە کەسێك کەوتبێتە ناو کاری خراپ و زیناوە، بۆیە چەندە بۆمان بکرێ و بتوانین زەرەرو زیانەکان سوك و کەم بکەینەوە بەم رێگەو هۆکارانە، بەڵکو پێویستە لەسەرمان دڵسۆزانە کە گەنج و لاو بەرامبەر بەرپرسیاریەتەکەی دابنێین، بەوەی کەوا سێکس نابێت ئەنجام بدرێت و بکرێت لەلایەن لاوان و گەنجانەوە مەگەر تەنها باڵغەکان ئەنجامی بدەن، ئەوەی لەسەریان پێویستە ئەوەیە کە ئەبێت ئاقڵ و ژیرو فامیدە بن، حەڵاڵ و حەرام و راست و ناڕاست و چاکەو خراپە لەیەکتر جیا بکەنەوە، دوای ئەوە هەڵبژاردن لای ئەوەو بۆ ئەوەو ئەوە کە ئەنجامی ئەوکارەی کردویەتی دەیچێژێت و ئارام دەگرێت لەسەری، سورە لەسەری بەرامبەر خوای پەروەردگار، هەروەك و چۆن پێغەمبەری خۆشویست و ئازیز ئەنجامی

داو كردی لەگەڵ ئەو لاوەی كە داوای مۆڵەتو روخسەتی لێكرد كە زیناو داوێن پیسی بكات،

(فعن أبی أمامه قال: إن فتی شابا أتی النبی (ﷺ)..فقال: يارسول الله! إئذن لي بالزنی! فأقبل القوم عليه فزجروه.. وقالوا مه مه! فقال: أدنه. فدنا منه قريبا. فجلس، قال: أتحبه لامك؟ قال: لا والله، جعلنی الله فداك. قال: ولا الناس يحبونه لامهاتهم. قال أفتحبه لابنتك؟ قال: لا والله يا رسول الله! جعلنی الله فداك. قال: ولا الناس يحبونه لبناتهم. قال أتحبه لاختك؟ قال: لا والله، جعلنی الله فداك. قال: ولا الناس يحبونه لاخواتهم. قال أتحبه لعمتك؟ قال: لا والله، جعلنی الله فداك. قال: ولا الناس يحبونه لعماتهم. قال أتحبه لخالتك؟ قال: لا والله، جعلنی الله فداك. قال: ولا الناس يحبونه لخالاتهم. قال: فوضع يده عليه، وقال اللهم! إغفر ذنبه، وطهر قلبه وحصن فرجه. فلم يكن بعد ذلك الفتی يلتفت إلی شيء. صححه الالبانی.

لە باوكی ئومامەوە ئەگێڕنەوە ئەڵێ: گەنجێك هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) وتی.. ئەی پێغەمبەری خوا روخسەتو مۆڵەتم بدە زینابكەم...... قەومەكەی بە

توەڕەییەوە هاتن بۆی.....و وتیان چی! چی! پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی نزیك بکەوەرەوەو، لێی نزیك بووەوەو دانیشت، فەرمووی ئایا تۆ ئەوەت پێ خۆشە بۆ دایکت؟ وتی نە واللە خوا بمکات بە قوبانت، فەرمووی دەی خەڵکیش ئەوەیان پێخۆش نییە بۆ دایکیان، فەرمووی ئایا تۆ ئەوەت پێخۆشە بۆ خوشکت؟ وتی نە واللە خوا بمکات بە قوبانت، فەرمووی دەی خەڵکیش ئەوەیان پێخۆش نییە بۆ خوشکەکانیان، فەرمووی ئایا تۆ ئەوەت پێخۆشە بۆ پورت (خوشکی باوکت)؟ وتی نە واللە خوا بمکات بە قوبانت، فەرمووی دەی خەڵکیش ئەوەیان پێخۆش نییە بۆ پورەکانیان (خوشکی باوکیان)، فەرمووی ئایا تۆ ئەوەت پێخۆشە بۆ پورت (خوشکی دایکت)؟ وتی نە واللە خوا بمکات بە قوبانت، فەرمووی دەی خەڵکیش ئەوەیان پێخۆش نییە بۆ پورەکانیان (خوشکی دایکیان)، وتی: پاشان دەستی خستە سەریو فەرمووی ئەخوایە! لە گوناهەکانی خۆشببەو دڵی پاکبکەرەوەو داوێنی بپارێزە، دوای ئەو کاتە بە هیچ شێوەیەك ئەو گەنجە لای تەئەکرد بەلای هیچ شتێك. ئەلبانی راستی کردووەتەوە.

ئایا ئەبینی کە بۆچی ئەوەی رۆژئاوا ئەیەوێت بە تەواوی دوای ئەکەوینو، بۆچی نادەین لە بنو ریشکی کێشەکە لە بنەڕەتتدا بەپێی ئەوەی ئاینەکەمان فرمانمان پێ ئەکات؟و بۆچی ئەم هەموو چارەسەرە پینەییانە (پینەو پەڕۆ)یانە؟

ئەم تەکبیراتو پیلانگێڕیەی کە بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانو رێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ بەرەنگاربونەوەو روبەڕوو بونەوەی ئایدز رایدەگەیێنێتو گشتاندنی بۆ ئەکات، ئەمە تەنها نەخشەیەکە بۆ ژینگەیەكو بیرو باوەڕێك کە تەواو جیاوازە لە ژینگەو بیرو باوەڕی ئێمە، ئەوەی بۆ ئەوان چارەسەرو چاکسازیە، بۆ زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانمان هەرگیز چارەسەرو چاکسازی نیە. هەرچەند ئێمە تەمەنناو هیوا خوازین کە ببێتە خێرو چاکە هیدایەت بۆیان، ئەوان ئازادو سەربەستن لە وڵاتی خۆیاندا ئێمەش ئازادو سەربەستین لە وڵاتی خۆماندا، راستو رەوا نیە بۆ ئەوان کە ئەوە بسەپێنن بەسەر خەڵکانو کەسانیترو غەیری خۆیان، نە بە ئارەزوی خۆیان بێت یان بە ترسو تۆقاندن بێت، هەروەکو چۆن لە

زۆربەی زۆری مەشق و کۆنگرەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان ئەو سەپاندنەیان بەدەست هێناوە، کە هەوڵ ئەدات تێکۆشانی بە جیهانگیری کردنە خراپەکاریو بەدکاریو سنووراركرنی چاکەکاری، بەڵکو بەڵێن وپەیماننامە مرۆییە نێو دەوڵتیەکان، هیچ پێویست بەوە ناکات کە دەستتێوەرانی بکرێت نە بە سیاسەتو نە بە رازاننەوەی بە پارە بۆ ئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر بیرو باوەڕی کۆمەڵگە بە ئامانجکراوەکان، یان ابئ نەریتە باوەکانیان.

## ئەوان ڕێگەی خۆیانو ئێمەش ڕێگەی خۆمان:

بەرەنگاربونەوەو روبەروبونەوەی ئایدزو نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لە دیدگاو تێڕوانینی ئیسلامیەوە جەخت ئەکاتە سەر قەدەغەو یاساغ کردنی زیناو بەدڕەوشتیو داوێنپیسیو سێکسی نائاساییو ناباوو نامۆو مادە هۆشبەرەکان، بەرەو رویان نابێتەوە بە چارەسەری پینەو پەڕۆیانە لەسەر حیسابی ئاین، کە رۆژئاوا ئەوەی ئەوێت، کاتێك هاوکاریەکانی بۆ ولآتانی هەژار ئەنێرێت، بە مەرجی گرتنەبەرو بەکارهێنانی ڕێگەیەکی دیاریکراو هەڵیئەبژێرن بەپێی هەواو

ئارەزوخۆیان دور لە تەرازوی حەڵاڵو حەرام چونکە ئەوان هیچ قورسیو بەهایەك دانانێن بۆ حەڵاڵو حەرام، چونکە لای ئەوان راستیو دروستی بریتیە لەوەی کە نەفسو دەرونیان ئارەزوی چی بکات بۆی جێبە جێ بکەن هەرچەندە پێچەوانەی سروشتو فیترەتیش بێت، بڕیاری لەسەر ئەدەن لە وڵاتی خۆیاندا، بەڵام ئاینی پیرۆزی ئێمە بڕیاری لەسەر نەداوە. بۆ نمونە لە ئێمەیان دەوێت (ئەیانەوێت) کە بە لاوانو گەنجان بڵێن:

لە کاتی ئەنجامدانی کاری سێکسیدا (نەگەیەن/ کۆندۆم) بەکار بهێنن، واتە وەك بڵێی زینا حەرامو یاساغ نیە، گرنگ ئەوەیە توشی ئایدز نەبن، واتە وەك بڵێی خەشمو کینو توڕە بونی خوای پەروەردگار هیچ گرنگیەکی نیە!!! .

ئەم نەخۆشییانە هیچ (پێناس)ێکیان نیە تەنها مەگەر ناوەکانی (زینا (داوێنپیسی) سێکسی نائاساییو ناباوو نامۆو روتو بەرەڵاییو مادە هۆشبەرەکان، بە تایبەتی ئەگەر ئەم نەفامیو نەزانیو هەژارییەشی لەگەڵدابێت، بۆیە لەهەندێ کۆمەڵگاو کۆمەڵو کۆبوەوە گەشتیاریەکانو

هەژاریەکان زۆرو زیاد ئەکەن. ئەوەی کەوا یارمەتیدەرو هاوکار ئەبێت لە بڵاوبونەوەیدا، بریتیە لە:

* خێرایی تێکەڵاوی و تێکەڵ بون.

*نزیك بونەوەی ماوە دوریەکان.

*زۆربونی گەشتەکان کەوای لێهاتوە جیهان ببێتە گوندێکی بچوك.

ئەم نەخۆشیانە کەمتر لە کۆمەڵگەکانی پارێزگاکاندا بونیان هەیە کە روانینیان (دیدو تێڕوانین)یان بۆ سێکس لە دەرەوەی سنوری بازنەی هاوسەرگیری حەرامو یاساغەو، دڵسۆزی بۆ ژیانی هاوسەرێتی زۆر بە پیرۆز دائەنرێت، بەکارێکی زۆر چاك دائەنرێتو بەو کارە چاکە نزیك ئەبنەوە لە خوای پەروەردگار، کە ئەم حاڵەتە رێژەییە لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکەماندا، بەڵام ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە دور نیە لە کۆمەڵگاکانیتر، لاوانو گەنجانمان مەبەستو ئامانجنو، سوكو ئاسانترین رێگە بۆ ئەوەی دوژمن بەسەرماندا (ئێمەو لاوەکانیشمان) زاڵ ببێت، بریتیە لە یاری کردن بە خوڕەوشتیانو شێواندنی، راکێشانیانو خستنیانە ناو زۆنگاوو زەلکاوەکانی سێکسی حەرامو

**قەدەغەو یاساغ، کاتێك رەوشتو ئەخلاق رۆیشتو نەما، خێزان تێکشکێنراو روخا، کۆمەڵگاکان هەڵوەشێنرانەوە، نەخۆشیەکان بڵاوبونەوە، لە سەروی ئەمانەشەوەو سەر باقی هەموو ئەمانەش خەشمو کینو توڕە بونی خوای پەروەردگارو سزای خواییو، راستێتی فەرمایشتی خوای باڵا دەست:**

**کە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ٣٢﴾ الإسراء: ٣٢

**(هە رگیز نەکەن توخنی زینا بکەونو لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە بە راستی گوناهو تاوانو هەڵەو رێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە).**

## حەڵاڵ ئاشكراو دیارە حەرامیش ئاشكراو دیارە

خوای پەروەردگار مرۆڤی بەدەستی خۆی دروست كردو، لە جوانترین شێوەو ڕێك‌وپێكترین شێوازدا دروست كردوە لە هەموو رویەكەوەو. ڕێزی لێناوەو ڕێزداری كردوە بەسەر تەواوی دروستكراوەكانیتریدا (ڕێزی زیادەی داوە بەسەر زۆربەی بەدیهێنراوەكانیتر كە دروستمان كردون (لە هەموو رویەكەوە، تا قەدرو ڕێزی خۆیان بزانن). بەڵكو هەموو شتێكیشی بۆ رام هێناوە تا لە خزمەتیا بێت‌و، ئەقڵ‌و ژیریشی پێ بەخشی‌و، پێغەمبەرانی بەڕێزو دڵسۆزیشی بۆ رەوانە كردوە، بۆ ئەوەی ڕێگەی چاكەو ڕێگەی بەهەشتی پێ نیشان بدات (بۆ ئەوەی ڕێنموویی بكات لەسەر چاكەو ڕێگەی بەهەشتیشی پێ نیشان داوە)، هەروەها كتێب‌و بەرنامەی پیرۆزیشی بۆ دابەزاندوەو بە قورئانی پیرۆز كۆتایی هێناوە بە كتێبەكان، كە پەیجو (موعجزە)یەكی نەمرەو ئەمێنێتەوە تا رۆژی دوایی.

قَالَ تَعَالَى: ﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ يَهْدِى لِلَّتِى هِىَ أَقْوَمُ ۝٩﴾ الإسراء: ٩

(بەڕاستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگەو ڕێبازو بەرنامە).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بەڕاستی لە کاتێکدا مرۆڤ لە هەموو شتێك زیاتر گفتوگۆو موجادەلە ئەکاتو لەشت ئەکۆڵێتەوە. بۆیە شەیتان رایئەکێشێ بەرەو کوفرو بێ فەرمانیو ئەنجامدانی کاری قەدەغەو یاساغو ناشەرعی.

ئەگەر هاتوو زانستی ئەزمونی، ئەقلو ژیریو گواستنەوە (عقل ونقل)، ڕووداوو ژیانو زیندەگی، توێژینەوەکانو خوێندنەوەکان، ڕاستیەکانو سەرژمێریەکان ئەمانە هەرهەموویان بەڕونیو بەئاشکرا سەلماندویانە کە (سێکس ناوازەو نامۆوو ناباوو نادروستو ناسروشت) یەکێکە لە زۆرترین ئەو کارانەی کە ئەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی ئایدزو نەخۆشیە سێکسیەکانیتر، جا ئەگەر ئەمانە هەر هەمویان ڕاستیەکی رونو ئاشکرانو هیچ گومانو گفتوگۆیەکی تێدا نیە، ئەی بۆچی وڵاتە پێشکەوتوەکان بەتایبەتی وڵاتانی خۆرئاوا پاڵپشتی کەسانی (ناوازەو نامۆو ناباو نادروستو

ناسروشت) ئەکەنو ئەیانگرنەخۆو، بەرگریش لە بەدڕەوشتیو داوێنپیسی ئەکەن.؟؟

بەڵکو یارمەتی مادیشیان ئەدەنو چەندەش بتوانن هانیان ئەدەنو، کار ئەکات بەهەموو سەروەتو سامانێكو دەسەڵاتێکیەوە بۆ بەجیهانکردنو بەدڕەوشتیو داوێنپیسیو بڵاوکردنەوەی بە هەموو جیهاندا!؟ نەك تەنها هەر ئەمەش، بەڵکو دژایەتی هەموو ئەوانە ئەکات کە بە هەڵەی لەقەڵەم ئەدەنو، بە دواکەوتووو (إرهاب) ترسێنەرو تۆقێنەر وەسفی ئەکات!!!!

ئێمەی موسڵمانیش چۆن بۆمان هەیە کە باوەڕیان پێ بکەینو یان شوێنیان بکەوین، قورئانە پیرۆزەکەمان زیاد لە (13) سورەتی تێدایە کە چیرۆکی بەدڕەوشتیو داوێنپیسی گەلی (لوط)مان مان بۆ ئەگێڕێتەوە، کە خوای گەورە سزای دان بە سزایەکی زۆر سەختو توند لەسەر هەمان گوناهو تاوانو هەمان خراپەو بەد خویی! خوای پەروەردگار ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢٨﴾ العنكبوت: ٢٨

**يادی (لوط) یش بكە كاتێك بە قەومەكەی وت:**

**ئێوە بەڕاستی تاوانێكی گەورە دەكەن، ئێوە گوناهێكی ناشیرین ئەنجام ئەدەن، هیچ كەس بەر لە ئێوە بەكاری وا هەڵنەساوە!!!**

**هەروەها خوای گەورە لە چیرۆكی گەورەمان پێغەمبەر لوط (سەلات و سەلامی لەسەر بێت) ئەفەرموێ:**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ ۝٣٠﴾ العنكبوت: ٣٠

**(لوط) دۆعای لێكردن وتی:**

**(پەروەردگارا، سەركەوتنم پێ ببەخشە بەسەر ئەم قەومەی كە تۆوی خراپە دەچێنن).**

**ئەوانەی حەزئەكەن كەوا بەدڕەوشتی و داوێنپیسی و خراپەو بەدكاری بڵاو بكەنەوە لەسەر زەویداو، بەردەوام سوربن لەسەر بڵاوكردنەوەی ئەو خراپەكاریە ئەوە بێگومان ئەوانە خراپەكارو گەندەڵكارن لەسەر زەویدا، ئێمەی موسڵمان كارمان ئەوەیە، مەبەستمان لە ژیان،**

**بریتیە لە ئاوەدانکردنەوەو چاکسازی نەك وێرانکردنو گەندەڵکاری!؟ لەبەر ئەمە، هیچ هەڵبژاردەیەك بۆ ئێمە نیە مەگەر تەنها شوێنی فەرمانەکانی ئاسمان بکەوین، چونکە تەنها ئەوە خێرو چاکەیە، بەڵکو ئەبێت ئەو خێرو چاکەیەش بڵاو بکەینەوە بۆ خەڵکانو کەسانیترو، چەندە بتوانین ئەو ڕێگەی خێرو چاکەیە بگرینە بەر، چونکە ئیسلام ئاینی سۆزو خۆشەویستیو خێروچاکەیە لەم بارەیەوە خوای گەورە ئەفەرموێ:**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ الأنبياء: ١٠٧

**(ئەی محمد (ﷺ) تۆمان ڕەوانە نەکردوە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە ببیتە ڕەحمەتو بەرەکەت بۆ هەموو جیهانەکان (جیهانی ئادەمیزادو گیاندارو ڕوەكو پەری...هتد).**

## رقمان لە گوناهەو رقمان لە گوناهکار نیە:

**موسڵمانی چاكو چاکەکارو چاکساز، کاری خێرو چاکەی بۆ خەڵکانە، وەك لە فەرمووده قودسیەکەیە هاتووە کە ئەفەرموێ (دروستکراوەکان خێزانی خوان، خۆشەویسترینیان لای خوا ئەوانەن کە (سودمەندە)**

سودبەخشە بە خێزانەکەی (الخلق عيال الله، وأحبهم إليه أنفعهم لعياله) بەززار ریوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

موسڵمان بەهەشتو جەهەنەم دابەش ناکات بەسەر خەڵکیدا بەڵام حەزئەکات خێرو چاکەی بۆ هەموو خەڵکی بێت. بۆ ئەو خێرو چاکەیەش کە لەگەڵ خەڵکیدا کردویەتی هیچیان لێ داوا ناکاتو بێبەرامبەر ئەنجامی داوە تەنها سۆزو میهرەبانی خوای گەورەی ئەوێت. ئەزانێتو زانستی تەواوو دڵنیای هەیە کە هەموو نەوەی ئادەم هەڵەئەکەنو هەڵەکارن، کەسێك نیە بێ هەڵە بێتو هەڵە نەکات، بەڵکو بەبیریدا دێتەوە کە ئیمام مالك لە (موطأ)ەکەیدا دیاری کردوە: کە مەسیح (سەلاتو سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی: (لا تكثر الحديث بغير ذكر الله، فتقسوا قلوبكم، فان القلب القاسي بعيد عن الله. ولا تنظروا في ذنوب العباد كأنكم أرباب، بل أنظروا فيها كأنكم عبيد. وإنما الناس رجلان: معافى، ومبتلى، فأرحموا أهل البلاء، وأحمدوا الله على العافية)

هەڵسوکەوتی موسڵمان لەگەڵ توشبواندا بەپێی بناغەو یاسایەکی گەورەی ئیسلامی ئەبێت: (نكره الذنب ولا نكره

**المذنب) (رق‌و كینمان له گوناه‌و تاوانه‌و رق‌و كینمان له تاوانكار نیه) بۆ توشبوو رون‌و ئاشكرایه، ئه‌گه‌ر هاتوو توشبونه‌كه له رێگه‌ی ئه‌نجامدانی كاره قه‌ده‌غه‌كراوو یاساغه‌كانه‌وه بووه، ئه‌وا ده‌رگای ته‌وبه‌و پاشگه‌زبونه‌وه‌و په‌شیمانی‌و لێبوردن، فراوانترینی ده‌رگانی خوای ته‌باره‌ك‌و تعالایه، له‌به‌رئه‌وه داوای لیٚ ئه‌كه‌ین كه وازلێهێنان وده‌ست هه‌ڵگرتن له‌كرداروكاره قه‌ده‌غه‌كراوو یاساغه‌كان ئه‌نجام بدات و دواتر ته‌وبه‌و په‌شیمانی‌و لێبوردن بكات، ئه‌گه‌ر هاتوو په‌شیمان بویه‌وه‌و ته‌وبه‌ی كرد ئه‌وه چاكه‌و فه‌زڵی خوای گه‌وره‌یه، ئه‌گه‌ر واش نه‌بوو په‌شیمان نه‌بویه‌وه، ئه‌وه سزاكه‌ی له‌سه‌ر به‌خێوكه‌ره‌كه‌یه‌تی، ئه‌گه‌رنا ته‌نها خوای په‌روه‌ردگاره سزاو تۆڵه‌یان لیٚ ئه‌سێنێت یان لێیان خۆش ئه‌بێت، به‌ڵام پێویسته ئێمه وه‌ك تاكێك كه هه‌ڵس‌و كه‌وتی له‌گه‌ڵدا بكه‌ین زۆر به نه‌رمی، بۆ ئه‌وه‌ی یارمتی بده‌ین له‌فێڵ‌و ته‌كه‌ڵه‌كه‌كانی شه‌یتان بیبارێزین رزگاری بكه‌ین تا هه‌ست بكات خۆشه‌ویسته لامان‌و خۆشمان ئه‌وێت، ده‌ستی ئه‌گرین به‌ره‌و خێرو چاكه ئه‌بینه رێپیشانده‌ری به**

**جواترینو باشترین وشەوو وتەو ناسکترینو نەرمترین لەگەڵیا ئەدوێین، خۆشمان ئەوێتو نایبوغزێنینو راوی نانێینو تەرەی ناکەین، تاوەکو بزانێ کە پێغەمبەری خۆشەویستو ئازیز ئەفەرموێ: (كل إبن ادم خطاء وخير الخطائين التوابون) رواه الترمذي.**

**(هەموو مرۆڤەکان (نەوەی ئادەم) هەڵە ئەکەن (هەڵەکارن)، باشترینو چاکترین هەڵەکارەکان ئەوانەن کە پاشگەزو پەشیمان ئەبنەوە تەوبە ئەکەن لە هەڵەو تاوانو گوناهەکانیان). ترمذی گێڕاویەتەوە.**

**هەڵەو هەڵەکردن بەشێوەیەك لە شێوەکان سیفاتێکی گشتی مرۆییە تایبەت نیە بە تەنها کەسێك بەڵکو هەموان هەڵە ئەکەن، ئەگەر پەشیمان بویەوەو تەوبەی کرد ئەوە ئەبێتە پێشینەوو لە چاکەخوازان ئەبێت، نەك تەنها هەر ئەمەش بەڵکو خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَٰحِشَةً أَوۡ ظَلَمُوٓاْ أَنفُسَهُمۡ ذَكَرُواْ ٱللَّهَ فَٱسۡتَغۡفَرُواْ لِذُنُوبِهِمۡ وَمَن يَغۡفِرُ ٱلذُّنُوبَ إِلَّا ٱللَّهُ وَلَمۡ يُصِرُّواْ عَلَىٰ مَا فَعَلُواْ وَهُمۡ

يَعۡلَمُونَ ١٣٥ أُوْلَٰٓئِكَ جَزَآؤُهُم مَّغۡفِرَةٞ مِّن رَّبِّهِمۡ
وَجَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ وَنِعۡمَ أَجۡرُ
ٱلۡعَٰمِلِينَ ١٣٦ ﴾ آل عمران:( ١٣٥ - ١٣٦)

**(ئەوانەش کە تاوان یان گوناهێك ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان ئەکەن(دوایی بە خۆیاندا دێنەوەو سزای خوا دێتەوە یادیان)،ئەوساداوای لێخوشبوون دەکەن، جا کێ هەیە کەلە گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟! هەروەها لەسەر گوناهو تاوانیان بەردەوام نابن، لەکاتێکدا دەزانن (ئەوە تاوانە)، ئا ئەوانە پاداشتیان لێخۆشبوون‌و لێبووردنە لەلایەن پەروەردگاریانەوە لەگەڵ باخەکانی بەهەشتدا کە چەندان رووبار بەژێر درەخت وبە بەردەم کۆشکەکانیدا دەڕوات‌و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنە سەر، ئەم بەهرەیە پاداشتێکی زۆر چاکی کۆششکارانە (چونکە دوای تەوبەکەیان لە هەوڵ‌و کۆششی بە دەستهێنانی ڕەزامەندی خوادا دەبن).**

**بەڵکو ئەگەر خوای گەورە تەوبەکەی لێ قبوڵ کردو وەرگرتوو کردەوەی چاکی ئەنجامدا ئەوا ئەگەر خوای گەورە سۆزو بەخشندەیی لەگەڵیدا نواند ئەوا:**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ عَمَلًا صَٰلِحًا فَأُوْلَٰٓئِكَ يُبَدِّلُ ٱللَّهُ سَيِّـَٔاتِهِمْ حَسَنَٰتٍ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ۝٧٠﴾ الفرقان: ٧٠

**مەگەر ئەوكەسەی تەوبە بکاتو باوەڕ بهێنێتو کاروکردەوەی چاکە ئەنجام بدات، ئا ئەو جۆرە کەسانە خوا کارو کردەوە خراپەکانیشیان ئەگۆڕێت بە چاکە، چونکە هەمیشەو بەردەوام خوا لێخۆشبوو و مهرەبانە (بەرامبەر خەڵکی بە گشتی و ئەو جۆرە کەسانە بە تایبەتی).**

**بەڵێ ئێمە رقو کینمان بۆ خودی کەسەکە نیە، بە رەچاوکردنو (لەچاو گرتن)ی رەنگو رەگەزی، یان بیرو باوەڕو ئاینو ئایدیایەك، تەنانەت ئەگەر بکەوێتە ناو هەڵەوەو، بەڵکو بەزەیی‌و سۆزمان هەیە بۆی‌و یارمەتی ئەدەین‌و دەستی ئەگرین‌و رێگەی راستی پێ نیشان ئەدەین تەنها لەبەر بەرژەوەندی ئەو، هەرگیز هەڵسوکەوتی خراپمان نابێت لەگەڵیداو، عەیب‌و نەنگی‌و لەککەی پێنالێین‌و لای کەسیش باسی عەیبەکانی ناکەین، ئەویش مرۆڤەو نەوەی ئادەمەو هەڵە ئەکات وەکو ئێمە، هەروەك‌و**

چۆن پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست (ﷺ) بەیانی ئەکاتو رونی ئەکاتەوە (حیسابو لێپرسینەوە لەسەر ئێمە نیەو لای ئێمە نیە، بەڵکو لە کۆتاییو رۆژی دوایدا لای خوای تاكو تەنهایە، ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد تایبەتە بە خودی کەسەکەوە وەك مرۆڤ، ئەوەی لەسەر ئێمە حەقو رەوایە ئەوەیە کە ئامۆژگاری رێنمویی کردنو رێپیشاندانیەتی بە چاکەو لەسەر چاکەکردن بەبێ تاوانبار کردنی، بەڵام خودی کارەکە (بەدرەوشتیو داوێنپیسی یان زینا یان مادە هۆشبەرەکان) ئەو حەقەیان نیە بەو شێوە (نەرمو نیانو بسۆزو بەزەی)یە هەڵسو کەوتی لەگەڵدا بکەین، بەتایبەتی دژو پێچەوانەیە لەگەڵ هەموو فەرمانە ئاسمانیەکانو فیترەی پاكو تەندروستدا، تەنانەت ئاقڵیش ئەمەی قبوڵ نیەو پێی رازی نیە، لە بەرئەوە لەککەو پەڵەو عەیبو عار بۆ کارە قەدەغەو یاساغەکەیە لە هەموو کاتو ساتێکدا ئەمە جێگیرەو ناگۆڕێت (ئەم یاسایە)، حەرام هەر حەرامە هەرچەندە جوانو رازاوەو رازێنرابێتەوە، حەڵاڵیش هەر حەڵاڵە هەرچەندە شێوێنرابێتو تێکدرابێت، هەرچی بکەرو کارئەکتەریش هەیە نەوەی ئادەمیەو هەڵەی کردوەو

**هەڵەکارە، هەل‌و فرسەت لەبەردەمیدا ماوە بۆ ئەوەی تەوبەو پەشیمانی‌و کاری چاکە بکات‌و چاکەکاربێت‌و سەرکەوتوو بەرەو بەهەشت هەنگاو هەڵگریَ‌و سەرفرازبێت لە بەهەشتدا.**

**(قصة عبدالله الملقب بالحمار، حيث كان يشرب الخمر، فأتي به إلى رسول الله (ﷺ) فلعنه رجل، وقال: ماأكثر ما يؤتى به الى رسول الله(ﷺ) ، فقال النبي (ﷺ): (لا تلعنه، فإنه يحب الله ورسوله) (صحيح البخارى) وزاد رواية اخرى في اخره: (ولكن قولوا اللهم اغفر له، اللهم ارحمه) مع أنه (ﷺ) لعن الخمر، وشاربها، وبائعها، وعاصرها، ومعتصرها، وحاملها، والمحمولة إليه.**

**لێرەدا چیرۆکی عبدالله کە نازناوی (حمار/ گوێدرێژ)ە، لەو کاتەدا عارەق‌و مەیی ئەخواردەوە، هێنایان بۆ لای پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست (ﷺ) فەرموی نەفرەتی لیٚ مەکەن چونکە خواو پێغەمبەری خۆشئەویٚ) هەروەها لە ریوایەتێکیتردا فەرمووی بەڵکو بڵێن خوایا لێیخۆش ببەو بەزەییت پێیدا بێتەوەو، لەگەڵ ئەوەشدا پێغەمبەر (ﷺ) نەفرەتی کردووە لە مەی‌و ئەوەشی ئەیخواتەوەو ئەوەشی**

ئەیفرۆشێتو ئەوەشی ئەیگوشێتو ئەوەشی بۆی ئەگوشرێتو ئەوەشی هەڵیئەگرێتو ئەوەشی بۆی هەڵئەگیرێتو بۆی ئەبرێت.

عن أبى قلابة أن أبا الدرداء رضى الله عنه مرَّ برجل قد أصاب ذنباً (الذنب/ الاثم والجرم والمعصية) والناس يسبّونه....فقال أبو الدرداء: أرايتم لو وجتموه في قليب (بئر) ألم تكونوا مستخرجيه؟ قالوا: بلى. قال: فلا تسبّوا أخاكم، واحمدوا الله الذى عافاكم. قالوا: أفلا تبغضه؟ قال: إنما أبغض عمله، فإذا تركه فهو أخي. أخرجة إبن عساكر.... الكنز.

وعن إبن مسعود رضى الله عنة قال: إذا رأيتم أخاكم قارف (إرتكب) ذنباً فلا تكونوا أعواناً للشياطان عليه....تقولوا.... أللهم إخزه، اللهم العنه، ولكن سلوا الله العافية، فإنا أصحاب محمد(ﷺ) كنا لا نقول في أحد شيئاً حتى نعلم علامّ يموت، فإن ختم له بخير علمنا أنه أصاب خيراً، وإن ختم له بشرٍ خفنا عليه) أخرجة إبن عساكر في ....الكنز.

کەواتە لەککەو پەڵەو ناوو ناتۆرە عەیبەو نەنگی بۆ کارو کردەوەو کردارەکەیە هیچ کەسێك ناتوانێ حوکمەکەی بگۆڕێت، بەڵام هەرچی بکەرو خاوەن کردار هەیە ئەمانەی خوارەوە هەق‌و مافەکانیەتی:

1- لە خوا داوا ئەکەین‌و لێی ئەپاڕێنەوە کە لێی خۆش ببێت‌و هیدایەتی بدات (هەرچەندە رق‌و کینمان هەیە لەسەر کارەکەی‌و پێی سەغڵەت‌و بێتاقەتین)و سوپاسی خوای لەسەر ئەکەین کە ئێمەی پاراستوە بەوەی ئەوی پێ موبتەلاو تاقی کردۆتەوە.

2- پەلە نەکردن لە حوکمدان بەسەریدا، بەوەی کە شوێنی لەناو ئاگردایە، لەوانەیە لەلای خوای گەورە کۆتایی پێ هێنابێت بە کۆتاییەکی چاك‌و باش.

3-یادتان ئەهێنینەوە کە یاخی بوو موبتەلایە ئەناڵێنێ‌و ئەتلێتەوەو تاقی ئەکرێتەوەو لە تاقی کردنەوەدایەو پێویستی بە کەسێك هەیە کە دەری بهێنێ لەم بەڵاو موصیبەت‌و تاقی کردنەوەیە، نابێ ببینە هاوکارو یارمەتی دەری شەیتان لەسەری، بۆیە ئەبێ بانگهێشت‌و

بانگی بکەین بە وشەیەی باش‌و جوان‌و بە ئامۆژگاری چاك، بانگهێشتی بکەین بۆ کاری خێرو چاکە.

4- (جوێن) پێنەدانی‌و قسە پێنەوتنی‌و یان تەنانەت بە کەسە یاخی بوەکانیش، لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) ئەفەرموێ: (لا تظهر الشماتة بأخيك فيرحمه الله ويبتليك).

## جیهانیانە یارمەتیدان‌و هاوکاری کردن لەگەڵ بەرامبەر.

**خوای تبارك وتعالی لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:**

قَالَ تَعَالَىٰ:﴿ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢﴾ المائدة: ٢

(یارمەتی‌و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر چاکەو خواناسی، نەکەن یارمەتی وکۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناهو دەستدرێژی، لە خوا بترسن وپارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا زۆر بە توندی تۆڵە دەسێنێت).

لەبەر ئەوە پێویستە هاوکارو یارمەتیدەربین‌و لەو پێناوەدا کار بکەین‌و هەموو سودو کەڵکێك پێشکەشی

مرۆڤایەتی بکەین، بە پێی بەرنامەو رێساو یاسای گۆشە نیگای شەریعەتی ئیسلامی بێتو لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە شەرعی خوای گەورە هاتوە خێرو چاکە بێت بۆ مرۆڤایەتی، بۆ خۆشبەختیو خۆشنودی مرۆڤەکان، بۆیە هەر ئەبێت بەشدارو هاوکار بین لە بڵاوکردنەوەی زانستو زانیاری، کە یارمەتی خەڵکان ئەدات لەسەر دورکەوتنەوەیان لەو شتانەی کە ئەبنە هۆی تێکدانی ژیانی پاکو بێگەردیانو، خراپیو لێڵی ژیانو زیندەگیان.

پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست ئەفەرموێ: (ما تصدق الناس بصدقة مثل علم ينشر) طبراني ريوايەتی کردوە، بە تایبەتی ئەو زانستەی کەوا لەسەر راستکردنەوەو چاککردنی ئەرێنی رەوشتو ئاکارو رەفتار بنیات نراوەو خواو پێغەمبەرەکەی لێی رازین، بۆیە ژیان لەسەر فیترەتو سروشی پاکو بێگەرد دادەمەزرێو جێگیر ئەبێت، پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست ئەفەرموێ: (فطوبى لعبد جعله الله مفتاحا للخير مغلاقا للشر) (صحيح الجامع الصغير- للالبانی).

ئێمە لە پرۆژەی پاراستنی لاوان لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانو ئایدز لە یەکێتی جیهانی کۆمەڵەکانی پزیشکانی ئیسلامی، ئێمە پەیمانێکمان لەگەڵ نەفسو دەرنی خۆماندا داوەو بەستوە کە یارمەتیو هاوکاری بکەین لەگەڵ هەر لایەکی فەرمی یان گشتی وڵاتی بێت یان جیهانی، بۆ ئەوەی ئەوەی لە توانامانداهەیە پێشکەشی بکەین بە مرۆڤایەتی لە هۆشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردنو زانستو زانیاری بەسود، بەپێی ئەو (تملیە) کە بەهای ئیسلامی خستویەتیە سەر ئێمە، بەشێوازێکی زانستی ئاینی، کە پشت بە داتاو ئامارو سەرژمێریەکانو راستیە جێگیرو نەگۆڕەکان ، دور لە ستایشو پیاهەڵدانو قسە خۆشیو خۆش رویيو خواروخێچی و فێڵ و گزییەك، ئەگەر چی پێچەوانەو جیاوازیش بین لە هەموو جیهان، بۆیە ئێمە بەشداری هەڵمەتە جیهانیەکان ئەکەین بۆ کارکردن بۆ روبەرو بونەوەو زاڵبونو سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لەناویشیاندا ئایدز بەتایبەتی، بەڵام ئێمە لە هەندێ هۆکاردا پێچەوانەینو سەرپێچیان ئەکەین، چونکە ئاینی

**پیرۆزی ئێمە بڕیاری لەسەر نەداوەو دانی پێدا نانێت بەو چارەسەرە پینە پەڕۆیانە.**

**ئەوەی بۆ خوای گەورەیە بەردەوامە پێی ئەگەیت، ئەوەی بۆ خوای گەورە نیە ئەبڕێو جیا ئەبێتەوە (دوابڕاوەو ئەکەوێت).**

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢١﴾﴾ يوسف: ٢١

**﴿خوای گەورە زاڵە بەسەر کارو فەرمانەکانی خۆیدا ، بەڵام زۆربەی خەڵکی بەمە نازانن.﴾**

**الدكتور عبدالحميد القضاة**

**بەڕێوەبەری جێبەجێ کاری پرۆژەی پاراستنی لاوان**

## سەرچاوەکان/

1- بڕیاری (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) ژمارە (34/15)

کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ وەزیرانی تەندروستی کە لە (لندن) بەسترا لە ساڵی (1988).

2- ڕاپۆرتی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ نەهێشتنی ئایدز لە ساڵی (2012).

3- نەخۆشیە گوازراوەکانو سزای خوایی (2008) دکتور عبدالحمید القضاة، چاپی سێهەم، ئوردن.

4- بەڵگەنامەی کۆنگرەی جیهانی بۆ دانیشتوانو گەشەپێدان، بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی (1994)/ قاهیرە.

5- دیدو بۆچونی ئیسلامی لە روبەرو بونەوەی ئایدزدا ساڵی (2008) دەستەی زانایانی شەریعە، پاپی یەکەم (عەمان/ ئوردن).

6- کتێبی (موطأ مالك) مالك ی کوڕی ئەنەس کوڕی مالکی أصبحي.

7- قورئانی قیرۆز.

8- کتێبی فەرمودە شیرینەکان:

* سونەنی ئیبن ماجە: پێشەوا ئیبن ماجە.

* سونەنی ئەبی داود: پیشەوا حافظ ئەبو داود سلیمان.

* سەحیحی بوخاری/ پێشەوا ئەبی عبداللە محمد کوڕی ئیسماعیلی بوخاری.

* سونەنی ترمذی/ پێشەوا محمد کوڕی عیسی کوڕی سورەتی ترمذی.

سوپاس بۆ خوای مهرەبان

تەواو بوو

سلێمانی

2017/11/15